سودانی گرەبەستە گومانلێکراوەکانی سەکۆی نێوت ڕەوانەی دەستەی دەستپاکی دەکات

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ یەکشەممە گرەبەستە گومانلێکراوەکانی سەکۆی نێوتی ڕەوانەی دەستەی دەستپاکی کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەدا کەدەستی موتەبع کوتووە بڕاویکردەوە"سودانی ڕاسپاردەکانی ئەو لیژنە تایبەتەی پەسەند کرد کە پەداچوونەوەی بە گرەبەستی هاوبەش و وەبەرهێنان و کارپێکردنی هاوبەشی کرد بە سەکۆی نێوتی بەندەرەکانی عێراق".

ڕاگەیەندراوەکە وتیشی"ئەم بڕیارە بەهۆی بوونی گومانی گەندەڵی لە ڕەوانەکردن و جێبەجێکردنی ئەو گرەبەستانە و لاوازی ئیمکانی ئابووریان و نادادپەروەرییەکی ئاشکرا لە پشکی کەمپانیای بەندەرەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی هەندێک کەمپانیای بەندەر لەسەر حیسابی دەوڵەت و بەرژەوەندی گشتی.

ئاماژەیشیدا"ڕاسپاردەکان بریتی بوون لە ڕەوانەکردنی ڕاپۆرتەکە بە دەستەی دەستپاکی فیدراڵی, بە ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەمن و دەرئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەخرێنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بە گرتنەبەری ڕەوشوێنی گونجاو بە پاراستنی سامانی دەوڵەت و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بەپێی یاسا".